49books
Publishing

# 49PLUSBOOKS PUBLISHING
# شێوەی ناردنی بەرهەمەکان

## نووسەران و توێژەرانی بەڕێز،

وەشانخانەی 49PLUSBOOKS بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کوالیتی بڵاوکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پسپۆڕانە، بەرهەمی نووسەران تەنیا لە ڕێگەی ئەو ئیمەیلانەی وا بۆ هەر بەشێک دیاری کراون وەردەگرێت و تاوتوێیان دەکات. کەوابوو تکایە بەر لە ناردنی بەرهەم، ئەم شێوەنامەیەی خوارەوە بە وردی بخوێننەوە.

# ❖ پێویستییەکانی ناردنی بەرهەم (زۆر گرینگ)

**لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی خوارەوە بۆ هەموو بوارەکان پێویستە. ئەو بەرهەمانەی وا ئەم پێویستییانە ڕەچاو ناکەن، ناچنە ناو پرۆسەی هەڵسەنگاندن و داوەرییەوە.**

### ١. بابەتی ئیمەیل

لە بەشی Subjectـی ئیمەیلدا، ناوی کتێب بنووسرێت.

### ٢. ناوەرۆکی ئیمەیل

لە ناوەرۆکی ئیمەیلدا، بە ڕوونی ئاماژە بە ناوی تەواوی نووسەر و ناونیشانی کتێب بکرێت.

### ٣. تایبەتمەندیەکانی ناو فایلی کتێبەکە

فایلی کتێبەکە دەبێت لاپەڕەی ناونیشانی تێدابێت، کە بە ڕوونی ناوی نووسەر و ناونیشانی تەواوی بەرهەمەکەی تێدا بێت.

### ۴. فۆرمەتی فایلەکان

ناردنی فایلی تەواوکۆی کتێب لە قاڵبی Word و PDFـدا پێویستە.

### ۵. ناردنی ناتەواو

ئەو بەرهەمانەی وا زانیاریی شوناسیی نووسەر یان بەرهەمی لەگەڵ نەبێت بە ناتەواو دێنە ئەژمار و ناچنە ناو پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە.

49books
Publishing

# ❖ چەند خاڵی گرینگ

### ١. ناردن لە ڕێگەی ئیمەیلە فەرمییەکانەوە

بەرهەمەکان تەنیا لە ڕێگەی ئەو ئیمەیلانەی وا بۆ هەر بەشێک تەرخان کراوە، وەردەگیرێن.

سەرجەم نامەگۆڕینەوە، بەدواداچوون و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانیش بەم ئاراستەیەدا تێدەپەڕن.

### ٢. خوێندنەوەی شێوەنامە

بەر لە ناردنی بەرهەم، خوێندنەوەی "ڕەوتی وەرگرتنی بەرهەم و سیاسەتگەلی گرێبەستی" پێویستە. ناردنی بەرهەم بە مانای ئاگاداریی تەواوکۆ لە مەرجەکانی وەشانخانە و قەبووڵ کردنی ئەم مەرجانەیە.

### ٣. شێوازی گرێبەست

نووسەران، تەنیا پاش پەسند کردنی بەرهەم لە لایەن داوەرەکانەوە، لە وردەکارییەکان و شێوەی بەستنی گرێبەست ئاگادار دەبنەوە.

# ❖ ڕەوتی وەرگرتنی بەرهەم و سیاسەتگەلی گرێبەستی

**ئامانجی وەشانخانەی 49PLUSBOOKS دروست کردنی پێوەندی ڕوون و پرۆفیشناڵە لەگەڵ نووسەراندا. کۆی ئەو بەرهەمانەی وا دەنێردرێن بەپێی ئەو قۆناغانەی خوارەوە تاوتوێ دەکرێن:**

### ١. خەملاندنی سەرەتایی و داوەری

پاش وەرگیرانی بەرهەم، ناوەرۆکەکەی لە لایەن لێژنەی پسپۆڕەوە تاوتوێ دەکرێت. ئەم خەملاندنە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کواڵیتیی ئەدەبی و زانستی بەرهەم و هەروەها دەفرایەتییەکانی بڵاوکردنەوە و بازاڕ. دەرئەنجامی ئەم قۆناغە (وەرگیران یان وەرنەگیران) لانیزۆر لە ماوەی سێ حەفتەدا بە نووسەر ڕادەگەیێندرێت.

### ٢. دەستنیشان کردنی شێوەی هاوکاری و گرێبەست

ئەگەرکوو بەرهەمەکە پەسند کرا، بە سەرنجدان بە کواڵیتیی ناوەرۆک و توانستی بازاڕ، یەکێک لەو شێوە گرێبەستانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێت:

- گرێبەستی هەقی نووسین: لە بەرامبەر هەر بەرگێکی فرۆشراودا بڕە پارەیەکی دیاری کراو کە هەر دوو لا لەسەری ڕێککەوتوون لە لایەن وشانخانەوە بە نووسەر دەدرێت.
- گرێبەستی بەشداری لە بەرهەمهێناندا: هاوکاری وەشانخانە و نووسەر لە تێچووەکانی بواری تەکنیکی و چاپدا (بۆ بەرهمگەلی تایبەت و نووسەرانی تازەکار)

## ٣. دەروەستییەکانی وەشانخانە

پاش بەستنی گرێبەست، کۆی قۆناغگەلی تەکنیکی بۆ نموونە پێداچوونەوەی پسپۆڕانە، دیزاینی گرافیک، وەرگرتنی مۆڵەتە یاساییەکان و دابەشینی بەرهەم، لە ئەستۆی وەشانخانەیە.

## ٤. مەرجە گشتییەکان

- ناردنی بەرهەم بە مانای قەبووڵ کردنی ڕێساکانی داوەری و سیاسەتگەلی ناوخۆیی وەشانخانەیە.
- وەشانخانە بۆ وەرگرتن یان ڕەد کردنەوەی بەرهەم بەپێی سیاسەتە ناوخۆییەکانی، سەربەستە.
- ئەو چاکسازییانەی وا لە لایەن هەڵەچنەکانەوە و بە مەبەستی بەرز کردنەوەی کواڵیتیی بەرهەم پێشنیار دەکرێن، نووسەری لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

# ❖ ئیمەیلەکان بۆ وەرگرتنی بەرهەم

- **ڕۆمان، کورتەچیرۆکە و ئەدەبیاتی شانۆیی:**

📩 FICTION@49PLUSBOOKS.COM

- **شێعر:**

📩 POETRY@49PLUSBOOKS.COM

- **زانستە مرۆییەکان: تیۆریک و توێژینەوەیی:**

(لەم بەشەدا ناردنی " فۆرمی بەرهەمەکانی بواری زانستە مرۆییەکان: تیۆریک و توێژینەوەیی" لەگەڵ فایلی تەواوکۆی کتێبە پێویستە)

📩 SUBMISSIONS@49PLUSBOOKS.COM

- **ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان (کتێبی وێنەیی، چیرۆکی منداڵ و مێرمنداڵ):**

📩 CHILDREN@49PLUSBOOKS.COM

- **ژمارەی پەیوەندی:**

📞 +46720241322

- **تێلێگرامی پەیوەندی:**

@Books49publication